
www.kurdistannet.org

## پیرۆزبایی جەژن

# جەژنەی من   ئەحمەد دەشتی



هەرکێ کەوا جەژنەی دەگرێ دڵ  ئازادە
لە ناو ماڵ وهەواری خۆی ژیان شـــادە
زۆر پیرۆزە جەژنە لەوەی  ســـەربەخۆیە
نەچەوساوەو نەدوورخاک وکەسی خۆیە
منی دوور و دەربەدەر و دڵپـــڕلە خـــەم
چۆن جـــەژنەمە تا لانەچێ ئـازار و تەم
هـــەتا منیش ئاڵام وەکو ئاڵای  گەلان
بەرزنەبێ و دەرنەکەوێ  کورد  لەجیهان
جەژنەم نیە هـــــەتا خاکم  ڕزگار  نەبێ
کوردسەربەخۆوخاوەن خۆی و  دیارنەبێ
کەرکوکی دڵ بگەڕێتەوە ناو کوردســـتان
لە ناو  بچن گشت نەیـار و  داگیرکەران
ئەوکاتەمن جەژنەم دەگرم  لێم  پیــرۆزە
کەڕزگاری و ســـەربەخۆیی خاک و هۆزە

❋

بەهیوام کە سالی 2005 ببێ بەجەژنی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان خاوەنی قەوارەی میلل خۆی ببێ و لە ناو لانەو مالی خۆی سەربەست وشادان و ڕەها بژێت و نیشتمانی خۆی بە تەکنیک و تەکنەلۆژیا ئەمرۆ بەرەو پێشەوە بەرێت و هەرچی ئاوارە و دەربەدەرە بەزێدی باوانی خۆی شاد بێتەوە و سالی 2005 لە هەموو لایەک پیرۆز بێت و کەرکوکی دلّی کوردستانیش بگەڕێتەوە ئامێزی کوردستانی ئازیزمان .تەواوی جیهانیش بە تێکڕایی ئاسودەو ئارام ببێت و ئەهریمەنی شەڕو شۆڕ لە ناو بچێت و ئاشتی و ئاسیش لە تەواوی جیهان بەر قەرار ببێت و هەموو گەلانی ئازادی خواز و ژێر دەستە رزگارو  سەربەخۆ ببن.